# ئەوەی خۆتی لێ بپارێزیت دەربارەی شوومی ئافرەت

[ کردي – کوردی – kurdish ]

عەبدوڵلا عەبدو لرەحمان ئەلجبرین

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ ما يتقي من شؤم المرأة ﴾

« باللغة الكردية »

عبد الله بن عبد الرحمن بن جبرين

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئەوەی خۆتی لێ بپارێزیت دەربارەی شوومی ئافرەت

عەبدوڵڵای کوری عومەر ڕەزای خوای لێبێت، دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی:(( الشؤم في المرأة والدار والفرس )) واتە: شوومی لە ئافرەت وخانوو وئەسێدا هەیە. لە فەرموودەیەکی تریشدا هەر لە عەبدوڵڵای کوری عومەرەوە هاتووە، کە پێغەمبەر فەرموویەتی:(( إن كان الشؤم في شيء ففي الدار والمرأة والفرس)).

هەروەها لە ئوسامەی کوری زەیدەوە هاتووە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: ((ما تركت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء)).

پوختەی واتای ئەم فەرموودانە ئەوەیە کە شوومی لەو سێ شتەی باسکران هەیە، لەوانەیە کەسێك ئافرەتێك مارە بکات بەڵام ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵیدا هیچ خۆشییەکی بەڕێگە نەیەت وهەمیشە هەرتووشی ناخۆشی بێت لەگەڵیدا، جا ئەگەر لەڕاستیدا بەو شێوە بوو، واتە لە هاوسەرێتی ئەو ئافرەتەدا هەر تووشی ناخۆشی ونەهامەتی دەبوو ئەوە دەتوانێت لێی جیا بێتەوە.

مانای (شوومی )، واتە: کەمی خێرو بەرەکەت، یان نەمانی بەرەکەت لە ماڵ وکەس وکارو شتی لەو جۆرە.

بەهەمان شێوە لە ئەسپ، یان هەر هۆکارێك کە سواری دەبیت، لەوانەیە شووم بێت، واتە: لەو ڕۆژەوە دەبێتە خاوەنی تووشی دەردو نەخۆشی ونەداری دەبێت، یان کارەساتی ناخۆشی بەسەردا دێت، بەهۆی ئەو ئەسپەوە، یان ئەو ئامرازی سواربوونەوە.

بەهەمان شێوە خانوو، لەوانەیە خانوویەك بکڕێت وتێیدا نیشتە جێ بێیت بەڵام خۆشی تێدا نەبینێت ، بەڵکو لە هەموو لایەکەوە تووشی ناخۆشی وزیان ببێت.

ئەمەیە ڕواڵەتی فەرموودەکە، جیاوازیش هەیە لە نێوان زانایاندا سەبارەت کۆکردنەوە لە نێوان قەدەغەکردنی ((الطیرة شرك)) واتە: ترس ورەشبینی لە هەندێك دەنگ وشت بینینی وجێگەی دیاریکراو، هەندێك لە زانایان وتوویانە: ئەم فەرموودانەی باسمان کرد لەسەر ڕواڵەتەکەی وەرناگیردرێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە زۆربەی خەڵکی شوومی لەو سێ شتەدا دەبینن، ئەگەر ژنێکی هێناو سەرکەوتوو نەبوو، دەڵێت: ئەم ژنە بێ بەرەکەتە، پێی دەڵێن لێی جیابەرەوە، یان ئەگەر هۆکارێکی سواربوونی کڕی وتووشی کێشەو زیان بوو ، دەڵێت: ئەمە ئەسپێکی شوومە، لەو ڕۆژەوە بووم بە خاوەنی لەنەهامەتیدام ودەیفرشێت یان لە ناوی دەبات.

زۆرێك لە خەڵکی لەوکاتانەدا دەڵێ: ئێمە توشی ناخۆشی ودەدەسەری دەبین بەهۆی ئەوشتانەوە، ئەوەیە واقیعی خەڵکی، ڕەشبین دەبن ولەبەر چاویان دەکەوێت، ئەگەر نا ئەو شتانە لە بنچینەدا هەمووی وەکو یەکن، خانووەکان هەموویان وەکو یەکن، بەهەمان شێوە ئەسپ، بەهەمان شێوە ئافرەت.

بەڵام دەکرێت بوترێتك لەوانەیە ئافرەت بەدخووبێت، یان عەقلی بچووك بێت، هەڵس وکەوت ورەوشتی بە جۆرێك بێت کە مێردەکەی تووشی ماندووی وزیان بکات، لەم حاڵەتەدا چاکترە لێی جیابێتەوە، بەڵام کارەساتەکان بداتە لای ئەو ئافرەتەو بڵێ: من بە هۆی ئەو ئافرەتەوە تووشی کارەسات وناخۆشی دەبم، یان فڵانە مناڵم مرد بەهۆی شوومی ئەو ئافرەتەوە، یان ئەو خانووە، یان ئەو ئەسپەوە، دەڵێین: نەخێر ئەوە قسەیەکی نارەوایە وجائیز نییە، بەڵکو هەموو شتێك بەقەزاو قەدەری خوای گەورەیە:{ مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا } هەموو ئەو کارەساتانەی دێتە سەر خەڵکیدا بیگومان لەسەریان نووسراوە وبەهۆکاری خانوو وئاقرەتەوە نین.

بەهەر حاڵ ئێمە دەڵێین: ڕێگر نییە لەوەی ئەگەر کەسێك خۆشی وئاسوودەیی نەبینی لەگەڵ یەکێك لەو سێ شتەی باسمان کرد وازیان لێ بهێنێ ولێیان جیابێتەوە، ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەستی بە هیچ خۆشی وئاسوودەییەك نەکرد دەتوانێت لێی جیابێتەوە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی کارەساتەکان بەهۆی ئەوەوە بوونە، یان بۆ نموونە سەیارەیەکی کڕی وتووشی چەند ڕووداوێك بوو بۆی نییە بڵێت: ئەم سیارەیە خێری تێدا نەبوو لەو ڕۆژەوە کڕیم هەر لە زیان وناخۆشیدام، نەخێر ئەو کارەسات ورووداوانە بەهۆی قەزاو قەدەرەوەیە نەك ژن وخانوو وسەیارە، ڕێگر نییە لە فرۆشتنی خانوو وئوتۆمبیل، یان جیابوونەوە لە هاوسەر، بەمەرجێك نەڵێت ئەوانە هۆکاری کارەساتەکان بوونە. لەوانەشە شوومی خانوو لە خراپی دراوسێکانەوە بێت،

یان جنۆکەی تێدا نیشتەجێ بێت، بۆیە زۆرێك دەڵێن: لەوکاتەوە هاتووینەتە ئەم خانووە جنۆکەکان زاڵبوونەتە سەرماندا وهەست بەدەنگیان دەکەین وشتمان تێدەهاوێشن ودەرگاکان دادەخەن، لەمحاڵەتەشدا هەر نابێت هۆکارەکەی بدرێتە پاڵ خانووەکە.

سەبارەت بە فەرموودەی پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم: ((ما تركت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء)).

لێرە مەبەست لە حەزو ئارەزووە، چونکە زۆرێك لە پیاوان کاتێك تەماشای ئافرەتان دەکەن تووشی ئەو فیتنەیە دەبن لە فەرموودەکەدا باسکراوە، یان لە ڕێگەی ڕەنگیانەوە، یان بە هۆی دەنگیانەوە، ئەوەش مەسەلەیەکی ڕاست وواقیعیە. زۆرێك لە پیاوان کە چاویان ئازاد دەکەن لە تەماشاکردنی حەرام دڵەکانیان تووشی بەڵا دەبێت ووابەستە دەبێت بە خۆشەویستی یەکێکیانەوە ورزگاریش نابێت لێی هەر بۆیە پێویستە: ڕێگە لە ئافرەتان بگیردرێت خۆیان دەرنەخەن وخۆیان بۆ پیاوانی نامەحرەم نەڕازێننەوە، بۆ ئەوەی نەبنە مایەی فیتنە وبەڵا، هەروەها فەرمان بکرێت پیاوان لەو جۆرە ئافرەتانە خۆیان بە دوور بگرن، بەوشێوەش ڕزگاریان دەبێت لەو فیتنەی لە فەرموودەکەدا باسی هاتووە، خوای گەورەش دەفەرموێت: { إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ }دەکرێت ئەم دوژمنایەتیە ڕاستی و هەست پێکراوبێت، واتە: ئافرەتەکە ڕقی لە مێردەکەی بێت، دەشکرێت دوژمنایەتیەکی واتای بێت، واتە: هەندێك کاری نابەجێ ئەنجام بدات کە ببێتە مایەی توورەی خوای پەروەردگار وەبەوشێوەش ئەو ئافرەتە دەبێتە مایەی ئەو کردەوە خراپانە.

هەروەها دەربارەی منداڵیش دەوترێت: دوور نیە منداڵ وەکو دوژمن هەڵگەڕێتەوە سەر باوکی خۆی، لەوانەش دژایەتییەکی واتای بێت، واتە: باوکەکەی ناچاری ئەنجامدانی تاوان بکات، یان لە خواپەرستن دووری بخاتەوە، وەکو لەفەرموودەدا هاتووە:(( الولد مبخلة مجبنة )) واتە: دەبێتە هۆکاری چرووکی ماڵ نەبەخشین لە پێناو خوا لە ترسی ئەوەی منداڵەکانی دووچاری هەژاری نەبن، هەروەها تووشی ترس و بێ هەڵوێستی دەکات وبەهۆی منداڵەکانیەوە ناوێرێت بچێتە جەنگەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە ئایەتەکە دواتر دەفەرموێت:{ إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ } واتە: خوای گەورە بەو ماڵو وەچەیە تووشی تاقیکردنەوەتان دەکات، بۆ ئەوەی دەرکەوێت، کێ هەڵدەستێت بە دانەوەی مافەکانی خواو کێ خۆی لێ بە دووردەگرێت.

بێگومان ئەم فەرموودەیە ((ما تركت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء)) ئەگەر چی تایبەتکراوە بە پیاوانەوە بەڵام ئافرەتانیش هەر دەگرێتەوە کە ئەوانیش تووشی زیان دەبن لە تەماشاکردنی پیاوان وتووشی گوناهیان دەکات، بۆیە بەهەمان

شێوه لەسەر پیاوانیشە خۆیان بپارێزن لەوەی ئافرەتان شەیدایان بن، وەکو چۆن ئەو کارە لە ئافرەتان داواکراوە، ئەگەر هەرکێ لە ژنان وپیاوان پارێزگاری لە خۆیان بکەن ولە هۆکارەکانی فیتنە دووركەونەوە بێگومان ئەوە دەبێتە مایەی پارێزراوییان لە گوناە وتاوان.

سەرچاوە/ سایتی زانای پایە بەرز شێخ ابن الجبرين ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ بابەتی ئەوەی خۆتی لێ بپارێزیت دەربارەی شوومی ئافرەت.